## "تاريخ و فرهنگ سقز"

ئەم کتێبە سەبارەت بە شاری سەقزە و کاک عومەری فاروقی نووسیویەتی. بۆکان و سەقز لە پەیوەندی توندا و توندی مێژوویی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیدان: عەشیرەتی فەیزوڵڵابەگی و گەورک پەیوەندیان بە هەردوو شارەکەوە هەیە، زۆر رووداوی سیاسی باسکراولە کتێبەکەدا ــ وەک "فیتنەی سالارالدولە"، کۆماری کوردستان، ئیعدامی شەهیدانی رێگای ئازادی کوردستان و هەروەها کەسایەتی ناوداری ناوچەکە، هونەرمەندان و ئەدیبان و داب و نەریتی کۆمەڵایەتی و گەلێک بابەتی تر، پەیوەندیی بە بۆکانیشەوە پەیدادەکەن.

جیا لەوانە، مێژووی کۆنتری ناوچەی سەقز و ماد و گەنجینەی زێویە، ناوچەی بۆکانیش دەگرنەوە. هونەری مادی، شوێنی هونەری مانناییی لەسەر بوە و دەزانین پێتەختی مانناکان لە دەوروبەری بۆکان بوە (زۆر واهەیە گوندی "قەڵایچی").

بەرگی دووهەمی کتێبەکە زانیارییەکی زیاتری سەبارەت بە بارودۆخی فەرهەنگیی شار و کەسایەتیە ناودارەکانی تێدا گردوکۆ کراوە و گەلێک وێنەی مێژوویی گرتۆتە بەر.

عمر فاروقی "نظری به تاريخ و فرهنگ سقز کردستان"، انتشارات محمدی، سقز، ١٣٦٩[١٩٩٠]، ٣٥٥ صفحه، فارسی

جلد دوم، ناشر: مولف، سقز، ١٣٧٤[١٩٩٥]، ٢٣٨ صفحه، فارسی